# بەدبەختیەکانی ڕێنووسی کوردی؟

نوسەری بابەت: ڕەوەز جەلال ئەمین.

بەهۆی بەکارهێنانی پیتی (ى) و (ی) و (ي) وە هەروەها کێشەکانی (ك) و (ک)، کە ئەم کافە "ک" پیتێکی ڕەسەن نیە لە ئەلفوبێی کوردیدا بەڵکو بێگانەیە بەم ڕێنوسە، چۆن؟

وشەی "لاوك" وە "لاوک" ئێجگار جیاوازن. زۆر پێویستە ئەم پیتی "ك"ە بەکاربێت چونکە گەنجینەی ساڵەهای ساڵی کوردی بەم کافە "ك" نوسراوە، لەو ڕۆژەوە کە ڕێنوسی کوردی دانراوە هەمووشت بەم کافە "ك" نوسراوە بەڵام ئەم کافەی تریان "ک" تەنها چەند ساڵێکە ئاخنراوەتە ناو ڕێنوسی کوردیەوە وە تەنها یەک یان دو تەختەکلیل بەم کافە نامۆیە دروست کراون.

هەروەها کێشەکانی سێ جۆر پیتی هائی جیاواز:

١ .ہ ٢.ھـ ٣. ه

بەهۆی ئەم هەمو پەرتەوازە بون و شپرزە بونەوە، چەند جۆر نووسین دروستبوون، کاتێک کەسێک بۆ "بانە" یان بۆ "بانه" بگەڕێت کۆمەڵێک ئەنجامی ئێجگار جیاوازی دەست دەکەوێت. چونکە ئەم دوپیتە (ە) و (ه)

هەریەکێکیان کۆدێکی تایبەت بە خۆیان هەیە. هەروەها ئەم سێ پیتەش (ی) و (ى) و (ي) کە ئەم سێپیتەش بە هەمان شێوە هەریەکێکیان کۆدێکی تایبەت بە خۆیان هەیە.

بۆنمونە ئەم سێ وشەیە:

١. کوردی

٢. کوردى

٣. کوردي

هەرسێکیان سێ وشەی ئێجگار جیاوازن، هیچیان لە هیچیان ناچن، کارەساتەکە لەوەدایە کەس گوێ لەکەس ناگرێت و هەر یەکەو بە ویستی خۆی کامەیان ئارەزو بکات بەکاری دێنێت.